# فلاح علوان لەكۆنفرانسی هاوپشتی TUC لەگەڵ هەڵسوراوانی یەكیتی كرێكاریەكانی عیراق وكوردستان بەشداری ئەكات



رۆژی 14-2-2005 فلاح علوان رابەری فدراسیۆنی شورا ویەكیتی كرێكاریەكانی عیراق (FWCUI )دەعوەت كرا بۆ كۆنفرانسی (TUC) لە لەندەن،ئەم كۆنفرانسە تايبەت بوو بۆ یەكیتی كرێكاریەكانی عیراق لەژیر ناونیشانی (كۆنفرانسی هاوپشتی TUC لە گەڵ هەڵسوراوانی یەكیتی كرێكاریەكانی عیراق و كوردستان ) .

لەم كۆنفرانسەدا نوێنەرانی یەكیتی كرێكاریەكانی بەریتانیا كە پێك هاتبوو لە ( T&G, RMT,UNISON,CWU,FBU,PCS,NUJ,TSSA,NASUWT,TGWU,NUS) بەشداریان كرد.

فلاح علوان بەناوی فدراسیۆنی شورا یەكیتی كرێكاریەكانی عیراق (FWCUI) لە ووتار بیژانی ئەم كۆنفرانسە بوو كە كورتەیەكی لەمیژووی دروست بوونی یەكیتی كرێكاریەكانی عیراق باس كرد بەتايبەتی دوای رووخانی رژیمی بەعس ،چوونیتی رێك خستنی بیكاران لەرێكخراوی خۆیان و فدراسیۆنی شوراو یەكیتی كرێكاریەكان وەك رێكخراوەیەكی رادیكال وكرێكاری ،باسی لەگرتنی كۆنفرانس و چالاكی وهەڵسورانەكانی ئەم یەكیتی یانە كرد ،بەتايبەتی ئاماژەی بەكۆنفرانسی بەسرەدا كەزیاتر لە200 هەڵسوراوی كرێكاری و بە بەشداری ژنان وگرتگترین بریارەكانی نیو كۆنفرانسەی بەسرەی بە ئامادەبوان را گەیاند ،هەروەها چەند بەشی یەكیتی كرێكاری و هەڵسورانەكانی ناساند لەوانە بەشی پیشەسازی و نەوت وهاتووچۆ نسیج وبنا ومانگرتن ونارەزايەتی یەكانی كرێكاران كەلەلایەن (FWCUI) رابەرايەتی كراوە ،لەبەشێكی تری قسەو باسەكاندا باسی رێگەگریەكانی بەردەم بزووتنەوەی كرێكاری و یەكیتی كرێكاریەكانی عیراقی كرد وداوای پشتیوانی جیهانی كرد لەبزووتنەوەی

کرێکاری عیراق و زەرووڕەتی بەرو پێش چوونی ئەو بزووتنەوەیە لەڕێگای پاشەکشێ بەئیسلامی سیاسی و کۆتای هینان بەاحتلال و قانوون کاری کرێکاری کەلەلایەن کرێکارانە خۆیانەوە ڕاگەیەنراوە .



شایەنی باسە هاوریان(مویەد ئەحمەد،هۆزان محمود ،لوقمان حمە،دەشتی جەمال)بۆ ئەم کۆنفرانسە دەعوەت کرابوون لەبەشی وێرک شۆپدا تایبەت بە بزوتنەوەی کرێکاری لەعیراقدا قسەو باسیان پێش کەش کرد،تاکیدیان کرد کە ئەو کۆنفرانسە پێویستە بەچاوێکی پربایەخەوە تەماشای یەکیتی کرێکاریەکانی عیراق بکات ،ڕایان گەیاند کە TUC هەڵەی گەورە دەکات ئەگەر ڕوولی FWCUI لەسەر بزووتنەوەی کرێکاری لەعیراق لەبەر چاو نەگرێ و انعکاس نەکاتەوە ،ئەم قسەو باسانە لەراپۆرتی دانەوەی بەکۆنفرانس بەنەزەری اعتبار وەرگیرا ،دوای 7 کات ژمیر کۆنفرانس کارەکانی خۆی تەواو کرد،چەند نۆینەرو هەڵسوراوی یەکیتی کرێکاریەکانی بەریتانیا پیشوازیان لەفلاح علوان کرد و دەور و نەخشی لەنیو یەکیتی کرێکاریەکانی عیراق.

**تۆری نۆینەرایەتی فدراسیۆنی شوراو یەکیتی کرێکاریەکانی عیراق \بەریتانیا**

**2005-2-15**